


# کۆمپیوتەرێک دەچەمێتەوە

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، دوو ساڵە هەوڵ دەدەن شاشەی چەماوە، یان شاشەی تەنك و ئەو سکرینانەی دەکرێت وەك کاغەز بنوشێتنەوە و لوول بدرێن بەرهەم بێنن، بۆ نموونە مۆبایلێك بەرهەم بێنن کە بکرێت لەناوەندەوە بینوشتێنیەوە.

لیڤۆنۆ لەم ماوەیەدا یەکەم کۆمپیوتەری سەرمێز واتە (دیسکتۆپ)ی چەماوەی بەناوی ThinkPad X1 بەرهەم هێنا. دیسکتۆپێکی ١٣,٣ ئینجی چەماوە. هەرچەندە ئەم کۆمپیوتەرە ڕەنگە ساڵی ٢٠٢٠ بخرێتەوە بازاڕ، بەڵام نموونەکەی خراوەتەڕوو.

شاشەی کۆمپیوتەرەکە کوالیتی 2K و کێشەکەی ناگاتە کیلۆیەك. کۆمپیوتەرێکی بەقەد کتێبێك بێگومان لایەنگری خۆی دەبێت.

شاشەکەی لەمسییە و سیتسەمی ویندۆزی لەسەرە. کۆمپیوتەرەکە دەکرێت وەك تەبلێت یان وەك کتێبێك بەکار بێینی. کیبۆردێکی لەمسی هەیە.



# سەرنجێک لەسەر قـــ

قفڵ و کلیلیش وەك زۆربەی ئامێری دیکە بەرەو هۆشمەندی ڕۆیشتوون، ئێستا سەردەمی قفڵە زیرەکەکانە، ئەو قفڵانەی بۆ کردنەوەیان پێویستیان بە کلیل نییە و جار هەیە پەنجەمۆری خۆت، یا مۆبایلەکەت یان ئەو کۆدانەی لێیدەدەی دەبێتە کلیلیان.. قفڵە زیرەکەکان باشتر و جێگای متمانە و دڵنیایی زیاترن لە قفڵە کلاسیکیەکان. لە قفڵی کلاسیکیدا هەر کەسێك کلیلەکەی دەست بکەوێ یان کۆپییەکی لە کلیلەکە هەبێ دەتوانی بەمەبەستی خۆی بگا، بەڵام لە قفڵە هۆشمەندەکان دا وا نییە.. لێرەدا ئاماژە بە دوو قفڵی زیرەك دەکەین.

قفڵی زیرەکی جۆری AUGUST SMART LOCK PRO + CONNECT: بۆ ئەم قفڵە پێویست ناکات شوێنی قفڵەکەت بگۆڕی، چونکە دروست لەسەر قفڵی کۆنەکە دەدرێت. لە قفڵەدا ئەگەر لە ماڵیش نەبووی و میوان لە پشت دەرگا وەستابوون، پێویست




# مۆبایلی پێنووس

لە مانشێتی سەرەوە دەکرێت بنووسرێت پێنووسی مۆبایل، یا مۆبایلی پێنووس، چونکە پێنووسێکە ئەرکی پێنووس ئەنجام دەدات و بەکارهێنەرەکەی دەتوانێتت وەك قەڵەمێك سوودی لێوەربگرێ. هەم دەکرێت وەك مۆبایلێکیش ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات.

ئەم پێنووس مۆبایلە بە جۆری SERVO K07 Pen mini ناسراوە، شاشەیەکی بچووکی یەك ئینجی هەیە و خاوەنی دوو سیم کارتە، وەك چرا لایتییێکیش سوودی لێوەردەگیردرێت.

هەروەك لە وێنەکە را بەقەد قەڵەمێك دەبێت، هەندێك پانتر. ئەم مۆبایل پێنووسە، وەك مۆبایلێکی هۆشمەند نییە، بەڵام ئەرکی مۆبایلێکی ئاسایی ئەنجام دەدات، سیستەمی بلوتوسیشی تێدایە. شوێنی دانانی میمۆری هەیە و جگەلەوەش رادیۆی FM ی هەیە. شاشەکەی لەمسییە. تەنیا یەك کامێرای پشتەوەی هەیە. ئەرکێکی دیکەی پێنووسەکە ئەوەیە دەکرێت وەك ئامێری ریکۆردەر بۆ رۆژنامەنووسان سوودی لێوەربگیردرێت.



# راوتەری گەیمینک بۆ پیشەییەکان

راوتــەری بــۆ گواســتنەوەی داتاکانــی ئینتەرنێــت رۆڵــی شــارێگا دەبینــێ، داتــای ئینتتەرنێت لەسـەرەتادا کە لـە بەشی خزمەتگوزاری جا لـە تاوەرەکانـەوە بێت یـان فایبـەری تیشـکی دەگەنـە بـە راوتـەرەکان و لەوێشـەوە دابـەش دەبێت.

تایبەتمەنـدی راوتەرێکـی بەهێـز ئەوەیـە کـە خێرایی زۆری هەبێت لە وەرگرتـن و دانەوەی داتای ئینتەرنێت. کۆمپانیـای asus نوێتریـن راوتەر و لە راسـتیدا خێراترین راوتـەری خۆی بەرهەم هێنا. راوتـەری جـۆری ASUS ROG Rapture GT-AC2900، راوتەرێـك بۆ پیشـەییەکان دەبێت، واتە بۆ ئەو شوێنانەی تایبەتن بە یاری ئەلکترۆنی.

راوتەری ناوبراو سێ ئالیاری هەیە و لە تەکنەلۆژیای Aura Sync سوود وەردەگرێ.

راوتەرەکە دوو باندی هەیـە و ٧٥٠ میگابایت لـە چرکەیەکدا بۆ باندی ٢,٤ گیگاهێرتز و زیاتر لـە دوو هـەزار میگاش لـە باندی ٥ گیگاهێرتزدا.

راوتەرەکـە شـەپۆلە دژەکان وەرناگرێ و بەمـەش خێراییەکـی زۆر بـە هێنـان و گواسـتنەوەی داتـاکان دەبەخشـێ. ئەرکـی راوتەرەکـە ئەوەیـە بەبـێ وەسـتان یارییـە قورسـە ئۆنلاینـەکان بگوازێتـەوە بەبـێ ئـەوەی هیـچ وەسـتانێك هەبێت.



## فڵە هۆشمەندەکان

**ناکات میوانەکە چاوەڕوانیتـان بکات و دەکرێت کۆدی کردنەوەی بۆ بنێری و بچێتەوە ژوورەوە. قفڵەکە شێوازی ئوتوماتیکی هەیـە، واتە ئەگەر هیـچ کەس لە ماڵەوە نەبێت ئەگەر لەبیریشت نەبێت دایبخەی، ئۆتۆماتیکی دادەخرێ و جگە لەوەش بە پەنجەمۆریش دەکرێتەوە.**

**قفڵـی جـۆری YALE REAL LIVING ASSURE LOCK SL:**

**یەکێکـی دیکـە لـە قفڵـە زیرەکـەکان، قفڵـی (یـەل) ە. ئـەم قفڵـە لەگـەڵ مۆبایـل لـە رێـگای بلوتوسـەوە پەیوەنـد دەدرێ و دەتوانـی مۆبایلەکـەت لـە بـری کلیـل بـەکار بێنـی. لـە رێـگای دوورەوەش دەتوانـی دایبخـەی و بیکەیـەوە.**

**تایبەتمەندییەکی قفڵە زیرەکەکە ئەوەیە کە ئەگەر دۆسـتێکت سـەردانی کـردی و لـە ماڵـەوە نەبـووی، دەتوانـی پیـن کۆدێکـی تایبەتـی بـۆ کردنـەوەی قفڵەکـە بـۆ بنێـری و هـەر کاتێـك رۆیشـت، هـەر لـە دوورەوە پیـن کۆدەکـە بسـڕیەوە.**

# فوجی کامێرای ١٠٢ میگاپیکسلی بەرهەم دێنێ

ئەوانـەی پیشـەی کامێراوانیـان کردبـێ، یـان تەنانـەت هەندێـك شـارەزاییان لـە کامێـرا هەبـێ، دەزانـن کۆمپانیای فۆجـی ژاپۆنـی، مێژوویەکی لەمێژینەی لە بەرهەمهێنانی کامێرادا هەیە. فوجی لەم ماوەیەدا نوێترین کامێرای خۆی بەنـاوی GFX100 بەرهـەم هێنـا. کامێرایـەك کـە کوالیتی وێنەکانـی مایـە سەرسـوڕمانن. (١٠٢) میگاپیکسـل بـۆ کامێرا چەند ساڵێك لەمەوبەر خەیاڵی دەهاتە بەرچاو.

کامێرای ناوبراو سیسـتەمی فۆکسی ئۆتۆماتیکی هەیە بـە توانایـی 4k فیلم هەڵدەگرێتـەوە. کامێرایەك بە کوالیتی ئەوەنـدە بەرز دەبێت سیسـتەمی راگـری وێنەی هەبێ، واتە هەسـتەوەرێك کـە لەکاتـی وێنەگرتنـدا نەلـەرزێ، چونکە بچووکتریـن جوڵـە لـە وێنەکـەدا نیشـان دەدرێ.

کامێراکـە لـە رێـگای کێبڵـی HDMI یـەوە فیلمەکان بـۆ وەرگرێکـی دەرەکی دەنێرێت.

دیزاینـی کامێراکـە گرنگـی خـۆی هەیـە چونکـە دەکرێـت بـە شـێوەی سـتونی و ئاسـۆیی وێنـە بگـری.



# دیسان کۆمپیوتەرە بچووکەکان




ئامێرە ئەلکترۆنییەکان هەتا دێن بچووکتر دەبنەوە، بەجۆرێك دەبن بە مایکرۆ و دواتر نانۆ.. کوردانە بڵێین بچووك و بچووکتر دەبنەوە.

ئەوانەی نەوەی حەفتا و هەشتاکانی زاینین، دێتەوە بیریان تەلەڤزیۆنەکان بەقەد لادیوارێك بوون، بە چەند کەسێ نەبا هەڵگرتنیان ئاسان نەبوو. ساڵانی نەوەدەکان کۆمپیوتەرە گەورەکان لەسەر مێزەکان دەبیندران و دواتر ئەوانیش بچووك بوونەوە، لەم سەردەمەشدا کۆمپیوتەری زۆر بچووك دەبیندرێن، بەڵام تاکو ئێستا ئەو کۆمپیوتەر بچووکانە گشتگیر نەبوونە.

کۆمپیوتەری جۆری ECS LIVA A320 یەکێکە لەو کۆمپیوتەرانە. ئەو کۆمپیوتەرانە دەکرێت لە پێشت مۆنیتۆر یان تەلەڤزیۆن دابندرێن و بەهۆی کێبڵەوە بە تیڤی یا مۆنیتۆرەوە پەیوەند بدرێن و هەموو ئەرکێکی کۆمپیوتەرێکی مەزنیش ئەنجام دەدات.

رامی کۆمپیوتەرە بچووکەکە ٣٢ گیگابایتە. شوێنی دانانی SSD M.2 یان هاردێك HDD جۆری ٢,٥ ئینجی هەیە کە بەکارهێنەر بە پێی پێویستی خۆی دەتوانێت قەوارەکەی دیاری بکات کە چەند داتا لەخۆیدا هەڵبگرێت.

جگە لە USB2 جێگەی USB3یشی هەیە. رەنگە لە داهاتوودا گشت کۆمپیوتەرە قەوارە گەورەکان لەسەر مێزەکان لابدرێن و ئەو کۆمپیوتەرانە شوێنیان بگرنەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئەگەر نیازم هەبێ ماڵپەڕێك وەك خۆی سەیڤ بکەم و دواتر ئەگەر هێڵەکەشم نەما سەیری بکەم، رێنوێنیم بکەن چۆن ئەمە بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە دەتوانن ماڵپەڕێك بەتەواوی و وەك خۆی و بێ گرفت بە هەموو لینکەکانیەوە خەزن بکەن، بەڵام ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت و ئینتەرنێتەکەشت دەبێ خێرا بێ. بەڵام ئەگەر بتەوێ تەنیا ئەو ماڵپەڕەی سەیری دەکەی خەزن بکەی و ئەمە زۆر ئاسانە. تەنیا گوگل کرۆم یان هەر پرۆگرامێکی تایبەت بە وێبگەڕی بکەوە و دوگمەی ctrl+S لێبدە. دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ناوێك بۆ لاپەڕەکەت دابنێین ئەگەر بتەوێ تەنیا دەقەکانی ناو لاپەڕەکە خەزن بکەی ئەوە فەرمانی دەق لێبدە، ئەگینا فەرمانی ماڵپەڕێك بە تەواوی هەڵبژێرە، ئەوکات لاپەڕەکە بە هەموو وێنەکانیشەوە خەزن دەبێت.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی باکگراوندی وێنە

ژێرخان یان (باکگراوند) بەو وێنانە دەگوترێن کە دەکەونە پشت وێنەی سەرەکییەوە، بۆ نموونە وێنەی کەسێك گیراوە لە پشت دیوارێکەوە، نیازت هەیە ئەو دیوارە لە وێنەکەدا لابەری و تەنیا وێنەی کەسەکە بمێنێتەوە و وێنەکە بە مەبەستی دیکە بەکار بێنی.. یان نیازت هەبێ دیوارەکە بگۆڕی بە وێنەی چیا و دەریا و..تاد.




سڕینەوەی باکگراوند لە وێنەدا یەکێکە لە ئەرکە دژوارەکان، بەتایبەتی ئەگەر وێنەکە لەگەڵ باکگراوەندەکە رەنگیان لێك نزیك بێت. لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپدا ئەم کارە ئەنجام دەدرێت، هەندێك پرۆگرامی دیکەش هەن کە ئەرکی سەرەکیان سڕینەوەی باکگراوەندە، وەك پرۆگرامی InPixio Photo Clip، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی دەکرێت باکگراوەندی وێنەیەك هەمووی یان بەشێکی دیاری بکەی و بیسڕیەوە. تەنیا بە چەند کرتەیەك (کلیك) بەئاسانی ئەم کارە ئەنجام دەدرێ.

ئەم پرۆگرامە تەنیا تایبەت نییە بە سڕینەوە، بەڵکو دەکرێت مونتاژی خێرای پێبکرێ، فۆرماتی وێنەی پێ بگۆڕدرێ، لەگەڵ زۆربەی فۆرماتەکان دەگونجێت بەتایبەت پرۆگرامی RAW کە تایبەتە بە کامێرا دیجیتالییەکان. گەورەکردنەوەی وێنەکان بەبێ تێکچوونی کوالیتی و چەند تایبەتمەندییەکی دیکەش بە پرۆگرامی ناوبراو بە ئاسانی دەکرێن.





# کاتژمێری زیرەکی زین

زین هەر قارەمانی چیرۆکی ئەویندارنەی (مەم و زین) نییە، ناوی کۆمپانیای مۆبایلی عێراقیش نییە! Zen ناوی کاتژمێری زیرەکی Asusە کە لە ریزی سەرنج راکێشترین کاتژمێرە زیرەکان دێتە ژمار.

کاتژمێری ZenWatch پردێکە لەنێوان کاتژمێری کلاسیك و زیرەکدا. گشت کاتژمێرە زیرەکەکان جیاوازن لە کاتژمێری کلاسیکی، بەڵام پێدەچێ زین وا نەبێ. دیزانێکی سەرنج راکێش، کوالیتییەکی بەهێز و کاراییەکی باش لە تایبەتمەندییەکانی زینن.

ئەوەی ئۆگری کاتژمێری دەست بێ حەز دەکا کاتژمێرێکی لەم جۆرەی لەدەست دابێ، بەبێ ئەوەی گوێ بە تایبەتمەندییەکانی بدات.

کاتژمێرەکە چوارچێوەیەکی ئاسنێکی بریقەدارە و بە مس داپۆشراوە کە بە گوڵی زێڕین ناسراوە (rose gold) کێشی کاتژمێرەکە سووکە. هیچ دوگمەیەکی نییە تەنیا شاشەیەکی لەمسی و بەس.

قایشەکەی ئەسڵە، بۆ هەموو سایزێك دەگونجێت چەند رەنگێکی هەیە. شاشەکەی ١,٦ ئینجە. لە جۆری AMOLEDیە. چوارچێوەی کاتژمێرەکە نە بازنەیی و نە لاکێشەیە شتێکە لەنێوان ئەو دوانەدا.

سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و ئاگادارییەکان وەك هاتنی پەیام و پەیوەندی لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێن. گشت ئەرکێکی کاتژمێرە زیرەکان ئەنجام دەدا، وەك نیشاندانی کەش و هەوا، رێژەی هەنگاوە رۆیشتووەکان، مەودای رۆیشتوو، لێدانی دڵ..تاد.



## ماڵپەرێک بۆ دیزاینی لایبل

دیزاین و نەخشەسازی لایبل (La-bel) پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەیە. لەسەرەتادا پێویستە کورتە زانیارییەك سەبارەت بە لایبل باس بکەین. لایبل بەو پارچە کاغەزانە دەگوترێ، کە لە سوپەرمارکێتەکان یان لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن لەسەر کەلوپەل، چ خۆراکی بێت، یان ئەلکترۆنی، یا کەلوپەلی ماڵەوە.. تاد. دەدرێت و زانیاری سەبارەت بەو کەلەپەلەی لەسەر نووسراوە.

ئەگەر نیازت هەبوو بە ئاسانی لایبل بۆ کەلوپەلەکانی مارکێتێك دروست بکەی و سەر لەسایتی canva.com بدە. لەو سایتەدا دەتوانی بە ئاسانترین شێوە و لە کەمترین ماوەدا دیزانینی لەیبلی تایبەت بە کەلوپەل، جامی ئۆتۆمبیل، مادەی خۆراکی، قوتوو و شووشە دروست بکەی.

تەنیا ئەوەندە بەسە کە لە نێوان سەدان چوارچێوەی لە پێشدا ئامادەکراودا یەکێکیان هەڵبژێری. دواتر ناوی کاڵا و زانیاری سەبارەت بە کاڵاکە بنووسی. پاشان تایبەتمەندی وەك رەنگ، جۆری و قەوارەی فۆنت و وێنەی مەبەست دیاری بکەی و دواتر بەشێوەی وێنە یا PDF ئەنجامی کارەکەت سەیف بکە.

# لاپتۆپێک بە دوو شاشەوە



لە پێشانگای ساڵانەی (کامپیوتێکس- ٢٠١٩)دا کە لە تایوان بەڕێوە چوو، کۆمپانیای asus بە خستنەڕووی لاپتۆپێکی تایبەت سەرنجی هەمووانی بۆ لای خۆی راکێشا. لاپتۆپێك بە دوو شاشەی تایبەتەوە..

لاپتۆپی جۆری ZenBook Pro Duo خاوەنی دوو شاشەیە. وەك هەموو لاپتۆپێك شاشەی خۆی هەیە و شاشەیەکیش کەوتۆتە سەر کیبۆردەکە کە زۆر ئەرکی تایبەتی ئەنجام دەدا. لاپتۆپەکە دوو جۆری بەرهەم هاتووە تایبەت و ئاسایی.. کە هەرکامیان تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە.

هەردوو شاشەکە لەمسین، شاشەی دووەم ئەرکی تایبەت ئەنجام دەدا، بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ ڤیدیۆیەك دەستکاری بکەی دەتوانی لە شاشە بچووکەکە دا کە (٢ سم) لە هی ئەسڵی بچووکترە ئەنجامی بدەی.

بەکارهێنەر دەتوانێت ئەرکەکانی شاشەی دووەهەمیش هەر بە شاشەی یەکەم ئەنجام دا، یانی دەکرێت ئەوەی لەسەر شاشەی دووەم ببیندرێ لەسەر شاشەکەی یەکەمیش نیشان بدرێ. شاشەی ئەسڵی ١٥,٦ ئینجە و کوالیتی نیشاندان لەو شاشەیەدا ٤kیە. شاشەی دووەمیش ١٤ ئینجە. کارتی شاشەی ٦ گیگابایتە. رامەکەی دەکرێت هەتا ٣٢ گیگابایت بێت. هاردەکەی ١ ترابایتە. کێشی لاپتۆپەکە دوو کیلۆ و نیوە.